اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالی والبحث العلمی
جامعة دهوك

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University name

هەرێمی كوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانكۆی دهوك

# بەڵگەنامە پێویستییەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا

١. بڕوانامەی بە نمرەی بەکالۆریۆس ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٢. بڕوانامەی بە نمرەی ماستەر ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاو ڕەنگ).
٣. ڕەگەزنامە (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٤. ناسنامەی باری شارستانی ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٥. کارتی زانیاری ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).
٦. کارتی نیشتیمانی (لە کاتی هەبوونی کارتی نیشتیمانی ئەوا پێویست بە بەڵگەنامەکانی خاڵی (٣+٤)ی سەرەوە ناکات ( وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی ڕەنگاوڕەنگ).

**تێبینی**/ وێنەی رەسەنی بەڵگەنامەی خاڵی (٣+٤+٥+٦)ی سەرەوە تەنها بۆ بینین و بەراوردکردنە لەگەڵ وێنەی کۆپیکراو لە لایەن فەرمانبەر پەیوەندیدار لە زانکۆ، دوای بەراوردکردن راستەوخۆ دەدرێتەوە بە پێشکەشکار.

٧. چوار وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی بچووک.
٨. فۆرمی پێشکەشکردن (١ دانە ڕەسەن + دوو دانە کۆپی).
٩. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیە) وەکو (IELTS) یان (TOEFL-iBT) یان (TOEFL-PBT) یان ( Pearson Academic-PTE)ی یاخود بڕوانامەی خولی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان کە لە ساڵی (٢٠١٩) بە دواوە بەخشراون (وێنەی ڕەسەن + ٢ دوو دانە کۆپی رەنگاو ڕەنگ).
١٠. پسوولەی دارایی بە بڕی (١٥٠.٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی هاوپێچ بکرێت کە ناگەرێتەوە بۆ پێشکەشکار.
١١. بۆ فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراو لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتەکان یان دامووەدزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ پێویستە نووسراوی فەرمی لارینەبوون (عدم ممانعة) + پوختە راژە لە وەزارەتەکەی یاخود دامەزراوەکەی بە واژۆی بەرێز وەزیر یاخود بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەکەی کە دەسەلاتی پێدراوە بهێنێت لە کاتی پێشکەشکردن کە تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت (وەزارەتەکەی یان دامەزراوەکەی یاخود فەرمانگەکەی لاری نییە کە بەرێز (.........) بە ناونیشانی وەزیفی (.....) پێشکەشی خوێندنی باڵا/دکتۆرا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بکات و لە کاتی وەرگیرانی ئامادەیە مۆڵەتی خوێندنی پێ بدات بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو **(تفرغ تام)**.

تەنها بۆ هەڵگرانی بروانامەی ماستەر کە پێشکەشی خوێندن دکتۆرا دەکەن ئەگەر خاوەن نازناوی زانستی بە شێوەی هەمیشەیی بن و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا میلاکی هەمیشەیی بن ئەوا دەتوانن مۆڵەتی خوێندن بە شێوەی خۆتەرخانکردنی ناتەواو (تفرغ جزئی) وەربگرن پاڵپشت بە یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

١٢. بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون بە شێوەی هەمیشەیی لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، ئەوا پێویستە بەڵێننامە لە لایەن پێشکەشکار لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ پربکرێتەوە و تیایدا ئەم دەقە نووسرابێت :-

(من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە دانەمەزراوم لە بوارەکانی راژەی شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هیچ وەزارەت و دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ، بە پێچەوانەوە لە کاتی ئاشکرابوونی کە ئەگەر فەرمانبەر یان کارمەند بم لە هەر وەزارەتێک یان دامووەدزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان یان عێراقی فیدراڵ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسڕێتەوە و رێککاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتە بەر**).**

١٣. بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الاختراع) ئەگەر هەیە هاوپێچ بکرێت.

١٤. بۆ ئەوانەی مامۆستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و خاوەن هەڵگری نازناوی زانستین پێویستە پرۆسەی دڵنیایی جۆری دوایین سالی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) هاوپێچ بکرێت بە پێی رێنماییەکان.

١٥. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار خوێندنی بەکالۆریۆس یان ماستەری لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراقی تەواو کردبێت، ئەوا پێویستە بریاری یەکسانکردنی بروانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان و هەروەها فەرمانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانی سەبارەت بە دەرهێنانی کۆنمرەی بەکالۆریۆس یان ماستەری بە سیستمی عێراقی هاوپێچ بکات.

١٦. گشت پێشکەشکاران پێویستە بەڵێننامە لە لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدەن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

من کە ناوم لە خوارەوە نووسراوە و واژووم کردووە، **بەڵێن دەدەم:**

**أ-** تا ئێستا لە خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات وەرنەگیراوم و لە هیچ زەمالەیەکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق ناوم دەرنەچووە.

**ب-** سرینەوەی ناو (ترقين قيد)م بۆ نەکراوە لە خوێندنی باڵا/ دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.

**ج-** هەموو ئەو زانیاریانەی لە فۆرمی پێشکەشکردن پڕم کردۆتەوە زانیاری راست و دروستن و ئەگەر زانیاری نادروستم نووسیبێت ، ئەوا ئامادەم ناوم لە خوێندن بسرێتەوە و رێککاری یاساییم بەرامبەر بگیردرێتەبەر بە پێی یاسا و رێنماییەکان ، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.